# مارکسیزم و سەردەم

## کەمال ڕەئوف

پتر لەنیو سەدەیە لەنێو شەپۆلی ڕەخنەگرتن  لەسەر مارکسیزم هەڵەیەکی گەورە بەرچاو دەکەوێ و تاهەنوکەش بەردەوامی هەیە, ئەو هەڵەیەش ئەوەیە کەلەلای زۆربەی ڕەخنەگرەکانەوە مارکسیزم لە هەناو و کارنامەی پارتە سیاسییە چەپەکان یان بزاوتە سیاسیەکاندا  وەك دەقێکی سیاسی و بەرنامەیەکی ڕێکخراوەیی لێکدەدرێتەوە و تاوتوێ دەکرێ, هەروەها لەپاڵ ئەم هەڵە گەورەیەشدا غەدرێکی گەورەش لەمارکسیزم بەوە دەکرێت کە مارکسیزم و لیزنینیزم و ستالینیزم و ئەوانی تر , هەموان بەیەکەوە دەخرێنە سەبەتەیەکەو و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیان پێکەوە لەسەر دەکرێ, ئەم بەیەکچواندن و تێکەو لێکەیە کەبەبەرنامە ڕێژی لەمیدیاکانی دژە مارکسیزمەوە ئەنجام دەدرێ و هەندێکیش بەنەزانینەوە پێی خۆیانی تێدەخەن و دەبنە بەشێك لەو بوقەی کە لەجیهاندا لەدژی مارکسیزم لێدەدرێ.لە وەڵامێکی کورتدا دەتوانین بڵێن  هەڵەکە  لەوێدا ئاشکرا دەبێت کە هەموو ئەو پارت و کەسایەتیانە بەلیننیشەوە کە خۆیان بە مارکسی زانیوە بەشێك نەبوون لەداهێنان یان تەواوکردن و بیناکردنی  بیرو فەلسەفەو جیهانبینی مارکسیزم, بەڵکە ئەوان خۆیان بەمارکسیست زانیووەو ووتیویانە ئێمە کار بە تیۆری ئەو ڕێبازە دەکەین و ڕێگە هەڵگری ئەودیدو بۆچوونەین, کە دەشێت قەزاوەت لەسەر ئەو کەس و لایەنێکیان بەجیا بکرێت و بە گوێرەی سەردەم وکاتەکانی خۆیان هەڵەو کەموکوڕتیەکانیان دەستنیشان بکرێ, ئەمە لەگەڵ ئەوەی کارنامەی هەر یەك لەوکەسایەتی و لایەنانە لەپێش هەر شتێکدا هێندەی دەگەڕێتەوە بۆ ماهیتی خۆیان و کارگەلێك کە کردویانە هێندە نابەسترێتەوە بە خودی مارکسیزمەوە وەك چەمکێکی فەلسەفی و جیهانبینی ئەو ,هەر بۆیە ئەستمە بتوانرێت مارکسیزم بچوێنرێ بەهیچ یەکێك لەو پارت و کەسایەتیانەی کە دوای خۆی هاتونەتە ئاراوە و دەرکەوتون.

ڕەنگە تائێستا زۆر کەس هێشتا ئەو هەروا زەنا حیزبی و ڕێکخراوەییانەیان لەبیرمابێت کە سەردەمانێك لەسەر خۆچواندن و  هاوڕێبازی بوون لەمارکسیزم و خۆنیشاندان بە هاوبیری ئەو چۆن دنیای پڕ کردبوو, کە دیارە ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە ئەوە بسەلێنرێت کە ئەو لایەن و پارتانە تاچەندە ڕاستگۆ بوون بە مارکسیزم و ئەو پروپاگەندەیەی کەکردویانە, چونکە ئەوسا بەرکەوتنی پرشنگی مارکسیزم بۆ ئەوان بەس بوو کە ئیتر وەك حیزب و لایەنێکی ئازادی خوازو پێشکەوتوخوازو شورشگێر دەربکەون, هەربۆیە جار هەبووە لەوڵاتێکدا چەندین حیزب و لایەنی کۆمێنیستی و چەپی تیادا دروست بوە و  هەر هەمووشیان شەڕو ململانێیەتی ئەوەیان  لەگەڵ یەککردوە کە خۆیان لە مارکسیزم بەنزیکتر زانیوەو لایەنەکەی تریان بە لادەر ناو زەند کردوە.

لەکوردستانی خۆشمان ساڵانێکی دورو درێژ چەندین حیزب و لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بە مارکسیست پێناسە دەکردو ناو ناونیشانی چەپ و مارکسی یان لە خۆیان نابوو, دەتوانین بڵێن لە ڕووی جەماوەریشەوە ئەوان خاوەن زۆرترین و فراوانترین پایەی کۆمەڵایەتی بوون و تارادەیەکیش بەخۆش نیۆو کەسانی پاك و شۆڕشگێر پێناسەدەکران. بەڵام ئێستا  لەدنیادا وا دەردەکەوێت کە ئەو تەوژمە پێچەوانەکەی وەرگرتبێت, بۆیە لەکوردستانیش مۆدێلێکی وا دەبینرێت و خەریکی جوینەوەی ئەو قسانەن کە نەك لینین بگرە نیکولای چاوچیسکوو ستالین و سەدامیش بە مارکس و مارکسیزم دەچوێنن, ئێستا لەکوردستان مودێلێك بەناوی لیبرالیزمەوە خەریکی سەردەرهێنانە کە دەیەوێت  پاساوی هەموو شکست و نەهامەتیەکانی ڕێکخراوەی بخاتەوە سەر مارکسیزم و چەپ بوونەکەی پێشووی, ئەومودێلە کە هیچ پێشنیارو سیناریۆیەکی مەعقولی  پێنییە بۆگۆران, دەیەوێت بەرپرسیارێتی هەموو شکستەکانی  کۆمەڵگەو خود بخاتەوە سەر مارکسیزم و شانی خۆ لەهەر بەرپرسیاریەك خاڵی بکاتەوەو گوێ

خۆی له هەر پرسیارێك ئاخنیٚ كه بەرەو ڕووی دەبێتەوە , ئەو بەرەتكردنەوەی ماركسیزم دەیەوێت چاوی خۆی لەو پرسیارە بنوقێێنیت, ئەی بۆچی پارتەكەی بندەستی كه تاسەر ئێسك دژی ماركسیزمیش بوو بەلاٌم ئێستا چەند هەنگاو لەدوای پارتە كۆنە چەپەكەوەیە؟ ئەم مۆدێلە سەیرە كەوای نیشان دەدات رەتی هەرجۆرە ئایدلۆژییەك بكاتەوە, بەلاٌم خەریكە ئایدلۆژی تەسلیم بوون بەئەمری واقیع دەسەلمێنیٚ و گیان و ئاسۆی گۆران لەمرۆڤدا دەكوژیٚ, گرفتێكی گەورەی ئەم مۆدێلە ئەوەیە كاتێك بتەوێت قسەلەسەر ماركسیزم و گۆڕان بكەی لەگەلٌیا نمونەی دەسەلاٌتی سۆڤیەتی جاران و دیكتاتۆریەتی هاوشێوەكانی ئەوت بەبیردەخاتەوە, ئەو لەوە حالٌیی نییە كه لاوازبوون و فەنابوونی چەپ و ماركسیزم شكستی گەورەش دەدا بەشانی لیبرالیزمدا! هەر بۆیە ئێستا سەیر نییە هەر كەس و لایەنێك گەر بیەوێت خۆی بەدیموكراتخوات و ئاشتیخواز و ئازادی خواز بزانێت دەبێت لەوێوە دەست پێبكات كه دوو بەردی كوێرانە بگرێتە ماركسیزم و بەوەش ئەوە نیشان بدات كه ئیتر بڕوای بە دیكتاتۆریەت و دەسەلاٌتی ڕەها نەماوە, لێرەوەیە كه ئەم تەوژمە پشتی خۆی دەكاتە ئەو ڕاستیەی كه ئامانج هۆ لە ماركسیزمدا بە شێواوی پێناسە دەكەن و ئەوەنیشان دەدەن كه حیزبی چینایەتی و دیكتاتوریەتی پرولیتاریا لەماركسیزمدا دەكەنە ئامانج كه لەڕاستیدا دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و حیزب و لابردن و نەهێشتنی مولكیەتی تایبەتی لای ماركسیزم ئامانج نەبوون, بەلٌكە ئەوانە وەك هۆیەك چاولێكراون بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و لابردن و نەهێشتنی نامۆبوونی مرۆڤ و هەلٌتەكاندنی ماشێنی چەوساندنەوە, جا بۆیە ئەگەر هۆیەكی باشتر و شیاو تر بینرایەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئەوا زۆر كارێكی ساناو ڕۆتینە كه پارتێكی كۆمۆنیستی دەستبەرداری ئەو هۆگەلە ببیٚو شێوازێكی تر بگرێت بەدەستەوە بۆگەیشتن بەو ئامانجەی كەماركسیزم نیشانی داوە, چونكە ماركسیزم فەلسەیەكی وشك دەقێكی ودابراو بەپیرۆزكراو نییەو مەرجی نییە بۆ ئەوەی كه لەهەموو سەردەم و كاتێكدا دەست بەو چەمكانەی خەباتەوە بگیرێت كه پێشترو لەسەردەمێكی تردا دیاریكروان, بەجۆرێكی تر دەتوانین بلێین ئەسلٌ لای ماركسیزم و ماركسیستەكان ئامانجگەلێكە كه ماركسیزم بۆ بەدەستهێنانی دنیایەكی جیاواز لە دنیای چەوساندنەو نامۆبوونی مرۆڤ پێشنیاری كردوە نەك گرەو كردن لەسەر هۆكارەكان بۆ چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئامانجەكان, بەشێوەیەكی تر دەكریٚ بلێین ماركسیزم قسەی لەسەر گۆڕینی سیتەمی ئێستایە و جیهانبینیەكە بۆ بەدیهێنانی سیستەمێكی شیاو گونجاوتر , سیستەمێك كه خۆشگوزەرانی و یەكسانی و ئازادی و عەدالەتی كۆمەلاٌیەتی تیابێت بۆمرۆڤ و شیاوی ژیانی مرۆڤایەتی بێت.

ئەم مۆدێلە تازەیەی كه ئێستا لەكوردستان سەری دەرهێناوە وزۆرترینیان ئەو كەس و لایەنانەن كه پێشتر یەخەی خۆیان لەسەر ماركسیزم دادەدڕی, ئەوسا لەداكۆكی كردن و بەدەستەوە گرتنی ماركسیزم كۆپیەكی شێواوی ماركسیزمیان نیشان دەداو ئێستاش لەم هەلٌوێستەیاندا بە ئاگایی بێت یان بەبیٚ ئاگای كەوتوونەتە دوای ئەو هەلاٌجیهانیەی كەژورنالیستی سیتەمی سەرمایەداری لەدژی ماركسیزم بەڕێوەی دەبەن و پەرەی پێدەدەن و دیسانەوە كۆپیەكی تری شێوای دژە ماركسیزم نیشان دەدەن. لەڕاستیدا ماركسیزم و جیهانبینینەكی ئەولێكدانەوەیە كه لەو كاتەوە كه سیستەمی سەرمایەداری سەری خۆی لە منداڵدانی فویودالیزمەوە دەرهێناوە تاهەنوكە هیچ بیرمەندێك وەك ماركس زانستیانە پێناسەی ئەو سیستەمەی نەكردوەو باسی لە تیاچون و فەنابوونی ئەم سیستەمەنەكردوە, هەر بۆیە ئەوانیش تا هەنوكە سەرباری ئەوەی كه خۆ وانیشان دەدەن كه لەمەترسی ماركسیزم قوتاریان بووە وپروپاگەندەی فەنابوونی ئەم جیهانبینیە دەكەن, بەلاٌم لەگەلٌ ئەوەشدا هەمیشە ماركسیزم بە دوژمنی سەرسەخت و تاقانەی خۆیان دەبیننەوە و دەیانەوێت بەم چەواشەكاری و تێكەلٌ كردنە ماركسیزم بسپێرن بە مۆزەخانە و بلێین چیتر خوێندنەوەو ووردبوونەوە لەماركسیزم و جیهانبینیەكەی كەلٌكی ئەوەی پێوە نەماوە باسبكریٚ و بەكەلٌكی چارەسەركردنی كێشەكانی سەردەم نایەت, شوێن كەوتنی ئەو شەپۆلەی كەلای وایە چیتر سەرجەم تێزەكانی ماركسیزم لەسەر سەرمایەداری نابوت بووەو كەلٌكی ئەوەی پێوەنیە كاری لەسەر بكریٚ, لەكاتێكدایە كه هیچ دەنگ و ڕەنگێكی هاوشێوەی ئەو نابیستین و هیچ

سیناریۆیەکیش بۆگۆڕینی سیتەمی سەرمایەداری لەجیهاندا شك نابەین, بۆیە لە ئاکامدا ئەو بۆچوونە بەو ئەنجامە دەگات کەمانای ئەوەیە دەبێت ئەوتێزە قبوڵ بکرێت کە سیستەمی سەرمایەداری ئەبدی و هەتاهەتاییەو هیچ ئەلتەرناتیفێکی نییە, ئەمەش مانای ئەوەدەگەیەنێ کە سیتەمی سەرمایەداری بەهەموو ناشیرینیەکانیەوە بەدواین دەستکەوتی مرۆڤایەتی بزانرێ و ئەوە پەسەند بکرێ کەناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و شەڕو کرژی و برسێتی و بێکاری و پەتاکانی تری ئەم سیستەمە هەتا مرۆڤ هەبێت بەسەر سەریەوە بمێنێتەوە, مانای وایە ڕازی بوون بەنایەکسانی و لەشکرکێشی و داپڵوسینی هێزو کەمایەتیەکان لەلای هێزە گەورەکان و مانەوەی مەترسی فەنابوونی مرۆڤایەتی لەدەست چین و کەمایەتیەکی قازانج پەرستی کەمدا.

سەردەمی جەنگی سارد زۆر کەس لای وابوو بۆیە سیتەمی سەرمایەداری پێشبڕکێی چەك دەکات و پارەو پول لەو ڕێگایەدابەخەرج دەبا, تاکو لەمەترسی نەیارەکەی کە بلۆکی شەرقی بوو خۆی قوتاربکات و ئەو چەك و کەرەستە جەنگیانەی بۆ خۆپارێزیەتی لە شەڕانگێزی ئەو, کە چی دەرکەوت ئێستا دوای ڕوخانی ئەو بلۆکەش ئەم سیستەمە لەجاران زیاتر خەریکی خۆتەیارکرن و خۆ پرچەك کردنە, ساڵانێکی دورو درێژ هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆئاوا کە دوودیوی یەك دراو بوون بە وەهمی ئەوەی کە ئەویان کۆمۆنیستیەو ئەویان سەرمایەداریە, دەستیان ڕاگەیشت بە ترسناکترین چەکی کۆکوژی, کە چی تازە بەتازە گوێی بیستی ئەوە دەبین کە ڕوسیا تازەترین و گەورەترین بۆمی حەوت هەزار کیلۆیی بەرهەم هێناوەو شانازی بەوەوە دەکات کە بۆمبەکەی ئەم هەرچەندە لە بۆمبە هەشت هەزار کیلۆییەکەی ئەمریکا بەوەزن سوکترە, بەڵام وێرانکەرو کوشندەترو بەهێزترە, چونکە مادە بەکارهێنراوەکانی ناوی لەکاتی تەقاندنەوەیدا زۆر کاریگەریان لەوەی ئەمریکا زیاترە, بەپێی ڕاگەیاندنی هەندێك لە پسپۆرانی بواری سەربازی ئەوروپی , ئەو بۆمبەی کە کەئەمریکا کاتی خۆی لە هێروشیما بەکاری هێنا کێشی تەقینەوەکەی تەنها بیست تەن بووە کە بوە هۆی کوژرانی 85 هەزارکەس و بریندار کردنی پتر لە175 هەزارکەس و دوایش زۆرێك لەبریندارەکان مردن, بەڵام ئێستا ئەمریکا ئەو چەکەی لەبەردەستایە کە بەدایکی بۆمبەکان دەناسرێتەوەو دە کلاَوەی ئەتۆمی هەیە و کێشی تەقینەوەکەی زیاتر لەهەزار بەرابەری ئەوە و توانای هەیە بەبەکارهێنانی یەك دانەی شارێکی بیست میلوێن کەسی قربکات! بۆیە ڕازی بوون بە مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری یانی ڕازیبوون بەمانەوەی ئەوەی کە ژیانی مرۆڤایەتی ببەسترێتەوە بەو ساتەوەختەی کە ئەو بۆمبانەی تیابەکاردەبرێن, یانی ڕازی بوون بەوەی کە ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر لێواری مردن و توقاندن ڕاگیرێت, یانی ڕازی بوون بەمانەوەی وەیشوومەی برسێتی و جیهانی سەرو خوار وشەرعیەت دان بە هەژاری و ژیانی کولەمەرگی.

بەپێی ڕاپۆرتی بەشی خۆراکی نەتەوەیەکگرتوەکان کەلە ناوەڕاستی ساڵی 2006 دا بلاَویان کردەوە و لە 118 وڵاتدا خۆپیشاندانیان بۆ ڕێکخست و تیایدا داوای کۆمەك کردنی ناوچە هەژارنیشینەکانیان کردوە, ڕۆژانە 18 هەزار مناڵ بەهۆی خراپی ژیان و برسێتیەوە دەبنە قوربانی, هەربە پێی هەمان سەرچاوە لەخوارەوی ئەفریقا تاکو ئێستا بەشێك لەخەڵکەکەی لەسەر خواردنی گەڵای دوو جۆرە درەخت دەژین و بەهۆی ووشکە ساڵی و کەمی باران بارینەوە پەنا بۆ هەڵدانەوەی شارە مێرولەکان دەبەن تا چەند کیلۆیەك خۆراکیان دەست بکەوێت. بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە وڵاتێکی وەك نەیجیریا کە ئەندامی کۆنگرەی ئیسلامیەو وڵاتێکی ئیسلامیە , 800 هەزارکەس بەهۆی برسێتیەوە لەبەردەم مردندا وەستاون کە نزیکەی 150 هەزاریان مندالَن, هەروەها ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی ئاماژەی بۆ ئەوەکردوە کە نەخۆشی مەلاریا لە کیشوەری ئەفریقا بەشێوەیەکی ترسناك بەربلاَوەو سەرباری ئەوەی هەڵمەتی کوتان هەیە بەلاَم بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە لەهەر40چرکەیەکدا مندالێك دەبێتە قوربانی و ڕێژەی توشبوانەکەشی لەنێوان 300 تا 500 ملیۆن کەسە کە 90٪ خەڵکی خواروی ئەفریقان. ئێمە لەکاتێکدا لەسەر شانۆی دەسەلاَتی سیاسی ئەم سیستەمە ئەم مەرگەساتە دەبیستین و دەبینین کە هیچ کاتێك وەك ئێستا سیستەمی سەرمایەداری لەگەشەو تەرەقی خۆیدا نەبووەو ئاوا دەست کراوە نەبووە بۆ ئەوەی بتوانێت بەئاسانی

و خێرایی دەستی بگات بە هەرکون و کەلەبەرێکی ئەم سەرزەمینەی کە لەسەری دەژین, بەلاَم لەگەلّ ئەوەشدا دەبیستین کە نیوەی مرۆڤی سەر ئەم زەمینە لەوە کەمتریان پێی براوە کە ژیانێکی کولەمەرگی پێی بژین, بەپێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی پتر لە 2\6 ملیار مرۆڤ کە دەکاتە نیوەی ڕێژەی دانیشتوانی سەر زەوی لە ڕۆژێکدا کەمتر لە دوو دۆلاریان دەست دەکەوێت, ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیش کە لە11\7\2006 دا بلاَو کراوەتەوە ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە 3\4 هەزاران لە کیشوەری ئاسیادا دەژین کە3\122 ملیون منداڵ لەناو ئەو ڕێژەیەدایە, هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە 12 ملیۆن کرێکاری عەرەبی ئاسیایی ئیش دەکەن و دەژین بەکرێ دوو دۆلار کەمتر لە ڕۆژێکدا و واچاوەڕوان دەکرێ ئەم ڕێژەیە لە چەند ساڵی ئایندەدا ڕوو لەبەرز بوونە بکات و لەساڵی 2015 دا بگاتە 165\ 15 ملیۆن کەس.

ڕەخنەیەك كە لەسۆنگەی دەسەلاَت و ماهیەتی پارتە سیاسیەكانەوە لەماركسیزم دەگیرێ بۆناكرێت لەبەرانبەر سیستەمی سەرمایەداریشدا هەمان شێواز پەیرەوبكرێت و ئەو پاشا گەردانیە ئەو هیواكوژی و دڵە ڕاوكێ و بگرەو بەردەیەی ناو ژیانی سیستەمی سەرمایەداری پێ لەمەحەك بدرێت, ئاخر ناكرێت چاوی ئێمە تەنها میوانخانە بالاَ بەرزەكان و كۆشك و تەلاری دەوڵەمەندەكان و چێشخانە گرانبەهاكان و فەنتازیایەك ببینینەوە كە ئێستا بۆ ڕێژەیەكی كەمی مرۆڤەكان ڕەخسێنراوەو چاومان ئەوماڵ و كەلاوانە نەبینێتەوە كە هەزارەكانی تیادا دەژی, ناكرێن نماشیكردنی فلیمێكی سینەمای هەموو سەرنجەكانمان بۆلای خۆی ڕاكێشێت كە باس لەخۆشەویستی و چون یەك و بەیەكەوە ژیان لەسیستەمی سەرمایەداریدا دەكات , دەكرێت لەدەرەوەی ئەمەو لەسەر ژیانی واقیعی ئەو دەردو بەلاَیانە ببینیتەوە ئەو ڕق و كینە كوشندەیە ببینینەوە كە بەهۆی ئەم سیستەمەوە لەبەشە جۆراو جۆرەكانی ژیاندا بەرهەم هاتوە, دەكرێ ئەو نائومێدی بێ ئاسۆییە ببینینەوە كە ئێستا مرۆڤایەتی پیایدا تێدەپەڕێت و شالاَوی بۆ بیرو هۆشی لاوەكان بردەوەو كردونیتە نێچیری باندەكانی فرۆشتنی مەوادە بێهۆشكەرەكان و لەبەرانبەر ژیاندا بەچۆكیداهێناون, تۆناتوانی بە بیستنی ڕێزمەندانەی ئاخاوتنی سەر شاشەی تەلەفزوێنەكەت بروابكەیت كاتێك دەبیستیت و دەبینیت كە لاوانی پەروەردەی ئەم سیستەمە لەشوێنە گشتیەكان و سەر شەقامەكان و كۆڕو كۆبوونەوەكانیان بەچ زمانێكی ناشیرین و قێزەونەوە لەگەلّ یەكتر دەدەوێن چۆن لەگەلّ یەكدا مامەڵەدەكەن و چۆن نوقمی دنیای خۆپەرستی بوون, چۆن دەتوانی بڕوا بەو هەموو بەڵێن پەیمانانە بكەی كە لەكاتی هەڵبژاردن و كۆنگرەكاندا دەووترێت و باسی عەدالەتی كۆمەلاَیەتی و پێكەو ژیانی ئاسودەی دەكەن, لەكاتێكدا دەزانیت منداڵان لەنێو ئەم سیستەمەدا و لەبن دەستدا جگەلەوەی كەبازرگانیان بۆكاری سێكسی پێوە دەكرێت لەهەمانكاتیشدا كاری قورس و تاقەت پروكێنیان بەسەردا دەسەپێنرێت. ڕێكخراوی فاوی سەر بە نەتەوە یەكگرتوەكان لە ڕاپورتێكیدا دەڵێت ساڵی 2004 پتر لە 218 ملیێون منالّ كاری تاقەت پروكێنیان پێكراوەو زۆربەیان ئەوكارانەیان پێسپێردراوە كە مەترسیدارن وەك ئەوەی كەلەكێلگەكاندا دەرمانی كوشندەی دژی مێرویان بەكارهێناوەو لەژێر گەرمی تیشكی خۆرو بێ بەكارهێنانی هیچ كەرەستەیەكی خۆپارێزی كاریان بەو كەرەستانە كردوە كە نەك بۆمنالّ بەڵكە تەنانەت بۆگەورەكانیش ترسناكن. ئەبێ سیستەمی سەرمایەداری چەند پێستی دەموچاوی قایم بێت كە شەرم لەوەناكات كاتێ لە وڵاتێكی وەك كەنەدا دا لەڕێگەی ڕێكخراوە خەیریەكانەوە نەستەلەو بسكیت بەسەر منالّەكاندا دا بەشدەكەن تا بیفرۆشنەوەو بە قازانجەكەی كۆمەكی منالاَنی ناوچە هەژار نشینەكان و منالّە نەخۆشەكانی ئەفریقای پێ بكەن, كەم نین ئەو شوێنە گشتیانەی كە سندوقی خێریان لەبەردەم خەڵكی ئاسایی و مشتەریەكاندا داناوە بۆ ئەوەی كۆمەكی ئەو منالاَنەبكەن كە پێویستیان بەكۆمەكە و ژیانیان بەهۆی برسێتیەوە لەمەترسیدایە, لێرەوەیە تۆ ناتوانیت دڵی خۆت بۆ پاشەڕۆژی نەوەكان بە ئایندەیەك خۆش بكەی كە لەبەر ئەنجامی ئەم سیستەمەدا هەر ئێستا لای ئەوان لامووبالاتی بەرانبەر بەژیان و یەكسان كردنەوەی ژیان بەهیچ گەیشتۆتە ترۆپەو خەریکی بالاَكردن و نماكردنە لەگیانیاندا, سیستەمی سەرمایەداری بە بەرنامەو لە خوێندگاكانەوە خەریكی بەكۆیلەكردن

و دارزاندنی گیانی یاخی بوونە, کاتێك سەیری ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەیت کە لەناوەڕاستی ئەم ساڵدا بلاْوکراوەتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێستا پتر لە 185 ملێون کەس کە دەکاتە 3٪ دانیشتوانی سەرزەوی ئالودەی بەکارهێنانی مەوادی بێهۆشکەربوون, تۆناتوانیت خۆت لەو پرسیارە قوتاربکەی کەیەکسەر لەبەردەما قوت دەبێتەوە و دەپرسێ کە ئاخۆ چییە وادەکات کە ئەو ڕێژە زۆرە لەخەڵك بیر لەوە بکەنەوە و دەست بۆ ئەوەبەرن کە مەوادە بیهۆشکەرەکان بەکار بەرن؟ ئاخۆی کێ لەپشتی ئەم بازرگانیە گەورەو پڕ لەقازانجەوە بێت؟ چونکە هەمان ڕاپۆرت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بازرگانی کردن بەم مادانەوە بەسێهەم بازرگانی گەورەو فراونی جیهانی دادەنرێو بەچالاکیەکی زۆرەوە کاردەکەن و ساڵانە دەتوان 120 بیلوین دولار لەپارەی ئەم بازرگانیە لەبازارەکان و بانقە گەورەکاندا سپی بکەنەوە. سیستەمی سەرمایەداری سیستەمێکی جیوەیی یەو بەئاسانی ناتوانیت ڕووە ڕاستەقینەکەی ببینیت, چونکە لەهەر شوێنێك هەستی بەترس نەکرد ڕووە دیموکراتیەکەیت نیشان دەدات و لەهەرکاتێکیشدا هەستی بەمەترسی کرد ڕووە ڕاستەقینەکەیت نیشان دەدات کە لەبەرانبەر مانەوەو بەدەست هێنانی قازانجی زۆردا لەهیچ کارێك ناپرنگێتەوە, بەپێی ڕاپورتی ڕێکخراوی کاری نیۆدەوڵەتی ئێستا بەهۆی بازرگانی کردنی بەمرۆڤەوە پتر لە 27 ملیون مرۆڤ وەك کویلە مامەلەیان لەگەڵدا دەکرێت و کەوتونەتە دەست باندەکانی ئەم بازرگانێتیەوە, خەڵکانێك کە بۆ خۆقوتارکردن لەبرسێتی و بێکاری و شەڕ لە وولاٌتەکنی خۆیان هەڵدێن بەئلسانی دەکەونە دەست ئەم باندانەوەو لەبەرانبەر گواستنەوەیان بۆ جێگایەکی تر دەکرێنە کۆیلە, ڕێکخراوی L.I.o نیێودەوڵەتی لەدواین ڕاپورتی خۆیدا دەڵێت ساڵی 2006 پتر لە 3 ملیۆین مرۆڤ بازرگانیان پێوە کراوە کە لەناویاندا 1.2 ملیون منداڵ هەیە و بەزۆر کاری سێکسی بەکچ و ژنەکان دەکرێ و بە خواردنێکی کەم و کەم خەوی کاری سوخرەوگران بە پیاوەکان دەکرێ, بەپێی هەمان ڕاپۆرت کە 290 لاپەڕەیە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەم بازرگانییە پەرەی سەندوەو نزیکەی 139 وولاٌت تیایدا بەشدارن کە ساڵانە 28 ملیار دۆلار بە کاری سێکسی ئەوانە پەیدا دەکرێ و پتر لە 32 ملیاردۆلاریش بەرهەمی کاری زۆرەملێیەتیەکەیانە.

ئەمڕۆ ئێمە لەسەر دوو ڕێیانێك وەستاوەین و ڕێگەی سێهەممان نییە, دوو ڕێیانێك کە سەرێکیان دەمان باتەوە بەر دەم بەچۆکدا هاتن و تەسلیم بوون بەکۆنە پارێزی و ڕازی بوون بەهەموو شتە ناشرینەکانی سیستەمی سەرمایەداری, سەرەکەی تریشی دەمان کاتە مرۆیەکی یاخی و ناڕازی و نوێخواز , یاخی وناڕازی بوونێك کە نەك تەنها هەر قسەو ڕەخنەمان لەشتە ناشرینەکان هەبێت , بەڵکە دەمان باتە بەردەم بنیات نانی ژیانێکی نوێ وشیاو گونجاوی وا کە شایستەی مرۆڤایەتی بێت, بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین, ڕەنگە ئێمە نەتوانین بەتەواوەتی قسە لەسەر هەموو پێشهات و ڕووداوەکانی ئایندە بکەین و بڵێین چی ڕوو دەدات, بەلاٌم لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە مارکسیزم هانی ئەوەمان دەدات کە بتوانین قسە لە سەر گۆڕانکاری ئەم دنیایەی ئێستامان بکەین و بێ هیوا نەبین.